Mamosta Journal for Pedagogical Sciences and Teacher Education (MamostaJ)
DOI: https://doi.org/10.21271/mj.1.2.8

OPEN ACCESS

*Corresponding author
zahra.abdullah@su.edu.krd
Zahra Awni Abdullah

# کاریگەری ستراتیژیەتی(T.P.S) لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی

**زهرە عونی عبدالله/** بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستانی، عێراق.

**سازە حسین رسول/** بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

RECEIVED: 16/06/2025
ACCEPTED: 29/07/2025
PUBLISHED: 25/12/2025

**وشە سەرەکییەکان:**
ستراتیژیەت،
(T.P.S)،
دەستکەوتی خوێندن،
مێژوو.

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری ستراتیژیەتی (T.P.S) لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە قوتابخانەکانی ئامادەیی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی دەورووبەری هەولێر – عەنکاوە بۆ ساڵی خوێندنی (2025 -2024)، نموونەی توێژینەوەکە لە قوتابییانی ئامادەیی (لیڤار)ی کچان لە دوو کۆمەڵە ( ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو) پێکهاتووە، ژمارەی قوتابییان لە هەردوو گرووپ (54) قوتابی بوون، توێژەر ئامرازی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بەکارهینا لە پرسیاری جۆری هەڵبژاردن، کۆمەڵەی ئەزموونی بەپێی ستراتیژیەتی (T.P.S) و لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بەرێگای ئاسایی وانەیان پێدەگوترێتەوە، رێگای ئەزموونی(التجریبي) پەیرەوکرا، دوای جیبەجیکردنی ئامرازە ئامارییەکان، توێژەر گەیشت بەم ئەنجامە :

-بوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لە ئاستی (0.05) لە نێوان تێکرای نمرەی قوتابییان لە کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵ لە تاقیکردنەوەی پاشەکی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوودا. لەبەر رۆشنایی ئەو ئەنجامە، توێژەر بەو ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

-بەکارهێنانی ستراتیژیەتی (T.P.S) کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە بابەتی مێژووی شارستانیەت هەبووە.

## ١. پێشەكی:

سەردەمی هاوچەرخ شایەدی گۆڕانكاری و پێشكەوتنی گەورە بووە لە بوارە جیاجیاكانی زانستدا، بەهۆی ئەو پێشكەوتنە تەكنەلۆژییە زەبەلاحەی، كە گۆڕانكارییەكی ڕوونی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا لە هەموو بوارە جیاجیاكانی ژیاندا هێناوەتە ئاراوە، لەم ڕوانگەیەوە پێویست بوو هاوسەنگ بێت ئەم گەشەسەندنە لە دابینكردنی پێكهاتەكانی بیركردنەوەی دروست و پەرەپێدانی داهێنانەكانیان، پێدەچێت پێویستییەكی بەپەلە هەبێت بۆ پەروەردەكردنی تواناكانی مرۆڤ لەڕێگەی سیستەمێكی پەروەردەییەوە، كە جیاوازییەكی زۆریان لەگەڵ ئەو سیستەمە تەقلیدیانەدا هەیە،لەم چوارچێوەیەدا پەروەردە دەكەوێتە دڵی ئەو گۆڕانكارییە كەسێك ئامادە بكات، كە بتوانێت بە شێوازی ئەرێنی لەگەڵ پێداویستییەكانی سەدەی نوێدا بگونجێت و ڕۆڵی ڕاستەقینەی بریتییە لە ئامادەكردنی فێرخوازێك، كە توانای هاوسەنگكردنی هەبێت لەگەڵ گۆڕانكارییە مەعریفی و سەرچاوەی زانیاری بەردەست بۆ فێرخواز و بەكارهێنانیان لە پرۆسەی فێركردن و فێربوونی یەک لەدوای یەكدا (شيخ والشواوره ,2019 ,ل 199)، چونكە پەروەردە پرۆسەیەكە لە چالاكی، كە مرۆڤ بەئاگایی بۆ گەیشتن بە پێگەیشتنی فكری و كۆمەڵایەتی و ڕۆحی ئەنجامی دەدات، زۆر كاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە لەڕووی بیركردنەوە و ڕەفتارەوە لەوێدا ئەو بیركردنەوەو ڕەفتارانە تاكێكی خاوەن كارەكتەر بۆ بەدەستهێنانی فێرخوازێكی باش پێكدێنێت. (ur rehman &nadeem &refiq ,2021,p333)، لە بەر ئەو هۆكارانە، گرنگی وەرگرتنی ستراتیژیەتی فێربوونی چالاک لە پۆلەكانماندا بە هەموو ئاستەكان سەریانهەڵداوە بۆ تەواوكردنی ئەو هەوڵانەی لە ئێستادا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامەكە دەدرێت، تیۆرەكانی فێربوون و فێركردن بەشێوەیەكی بەرچاو گەشەیان كردووە و هەوڵی بەرچاویش سەریهەڵداوە بۆ بەكارهێنانیان لە پۆلەكاندا، تا ئەو كاتەی چەندین ستراتیژیەتی وانەووتنەوە و پەروەردەكاران جۆرەها داهێنانی جۆراوجۆر و سەرسوڕهێنەریان لێ دروستكردووە، كە بۆ بابەت و قۆناغە پەروەردەییە جیاوازەكان گوونجاون. (السر ودحالن وعبدالجواد،2020، ل22)، لە بەڕێوەبردنی پۆلدا مامۆستا دەتوانێت هەندێ شێواز یان ستراتیژیەت بەكاربهێنێت بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوون زیاتر سنووردار نەبێت، لە بنەڕەتدا لە جیهانی پەروەردەدا ستراتیژیەتی (بیربكەوە – دوێتی بكە – بڵاوی بكەوە ) لە زۆر بواردا بەكارهاتووە وەک ئینگلیزی،بیركاری، زانستە كۆمەڵایەتییەكان... ساڵانێكی زۆرە لە جیهانی پەروەردەدا ناسراوە، هەروەها لە چەندین بواری وانەوتنەوەدا بەكارهاتووە ئامانجیش تیایدا بۆ ئەوەیە، كە قوتابییان جۆش و خرۆش وچالاک و زیندووتر بن لە پرۆسەی فێربووندا، لێرەدا ڕۆڵی مامۆستا تەنها ئاڕاستەكردن وئاسانكاری و ڕێنمایی كردنی قووتابیانە (Aeni,2020,p571)

ستراتیژییەكانی فێربوون ئامانجیان بەكارهێنانی كۆمەڵێک ڕێباز و لێهاتوویی دەروونی و فكرییە لە فێربوونی چۆنیەتی فێربوون ئەمەش ڕێگەیان پێدەدات زۆرترین ڕێژەی زانیاری و ڕاستییەزانستییەكان لە ماوەیەكی كورتدا و بە هەوڵێكی كەمتر بەدەستبهێنن (سلامي،2018،ل26)، ئەو پلانەی كە مامۆستا بۆ جێبەجێكردنی ئامانجێكی پەروەردەیی دایدەڕێژێت ستراتیژێكی پەروەردەییە لەوانەیە ستراتیژیەكە سادە بێت یان ئاڵۆز بێت، هەروەها ستراتیژییەتەكانی وانەوتنەوە پەیوەستن بەچەند تەكنیک و كارامەییەک ( السليتي،2015،ل8)، وانەوتنەوە وەک زانست وهونەر وەسفدەكرێت زانستێكە خاوەن پرەنسیپ وڕێساكانی خۆیەتی وهونەرە، چونكە پێویستی بە لێهاتووی لە ئەدای كاركردن و كوالێتی لە پراكتیكدا هەیە، وەک سیستەمێک سەیردەكرێت كە لە چەند توخم و پێكهاتەیەک پێكهاتووە، كە كارلێک لەگەڵ یەكتردا دەكەن، بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامە خوازراوەكان لە هەموو حاڵەتەكاندا پراكتیكی وانەوتنەوە دەبێت لەسەر بنەمای تیۆرێكی پەروەردەیی تایبەت و ستراتیژییەكی ڕوون بێت (السر ودحالن وعبدالجواد،2021،ل25)

لەنێو وانەوتنەوەش ئەو ستراتیژانەی، كە قوتابی دەكاتە سەنتەری پرۆسەی پەروەردەیی و بەشداری دەكات لە گەشەپێدانی توانا جۆراوجۆرەكانی بیركردنەوە و دەیكاتە بیرمەند و كاریگەری لەسەر دروستبوونی كەسایەتییەكەی دەبێت ستراتیژیەتی (بیربكەوە – دوێت بكە – بڵاوی بكەوە )یە. (عبدالقادر،2023، ل987)

مەبەست لەم ستراتیژیەتە گۆڕانكاریكردنە لە پرۆسەی فێركردن وفێربوون بە بەكارهێنانی بیركردنەوەیە (التفكير)، لێرەدا وانەوتنەوە تەنها سەرنجی لەسەر مامۆستا نییە، بەڵكو قوتابییەكانیش چالاكانە لە پرۆسەی فێربووندا بەشدارن ( fitrah &yusra&hasnah &febrianta,2023,p4)، بەهۆی گرنگییەكەی لە پرۆسەی پەروەردەدا چەمكی زاراوەی

دەستکەوت جیاواز بووە هەندێک بەوە وەسفیان کردووە کە ئەو زانیاری و لێهاتووییەیە کەفێرخواز بەدەستی دەهێنێت و هەندێکی دیکەیان بە ئاستی دیاریکراوی لێهاتویی وەسفیان کردووە. (احمد،،2021،ل 488)، شێوازی ستراتیژیەتی (T.P.S) بە هاوکاری دادەنرێت، چونکە ڕۆڵی هەر ئەندامێکی گروپەکە وابەستەی یەکترە و فێربوون ڕووبەڕووی کارلێکی قوتابی، لێپرسینەوەی تاکەکەسی، کاری تیمی، لێهاتوویی کۆمەڵایەتی، پرۆسێسی گروپی لەخۆدەگرێت، لە فێربوونی هاوبەشدا (بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە ) ستراتیژیەتێکی بەکارهێنراوی بەرفراوانە لە ئەدەبیاتدا سەلماندوویەتی کە ئەدای قوتابییان باشتر دەکات، ڕێگە بە قوتابییان دەدات بۆ خۆیان بیربکەنەوە لەگەڵ هاوپۆلەکانیان قسەبکەن بۆ ئاڵوگۆری بیرۆکە ئامادەیی خۆیان بۆ هاوبەشکردنی بیرۆکەکانیان لە گفتووگۆکانی پۆلدا نیشان بدەن، قوتابییان بە بەشداریکردن لە فێرکردن و فێرکاری هاوبەش دڵخۆشن، (tabassum &bin,2024,p62),یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی پەروەردە بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوە لەنێوان قوتابییاندا بۆ ئەوەی بتوانن پرۆسەکانی بیرکردنەوە پراکتیزە بکەن (العزاوي،2012، ل 6) ,کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر دەستکەوتی خوێندن، وە دەستکەوتی خوێندن لە بواری پەروەردەو دەروونناسی پەروەردەیی زاراوەیەکی باوە، بەو پێیەی نیشاندەرێکی بنەڕەتییە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەکادیمی قوتابییان، بۆ دیاریکردنی ئاستی دەستکەوتی خوێندنی قوتابی و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی پەروەردەیی بەکاردێت، بەجۆرێک زۆر لە پسپۆڕان و پسپۆڕانی پەروەردەیی بە چەندین شێوە پرسی دەستکەوتی ئەکادیمییان خستۆتەڕوو، دیارترین ڕەوتەکانی پێناسەکردنی لەسەر بەستنەوەی بە چەمکی پەروەردەی قوتابخانەوە بووە، کۆمەڵێک پێناسە لەم چوارچێوەیەدا خراوەتەڕوو، بەو پێیەی دەستکەوتی خوێندن بە یەکێک لەلایەنە بنەڕەتییەکانی بواری پەروەردە دادەنرێت، کاتێک باس لە دەستکەوت دەکەین، ئاماژە بەو دەستکەوتانە دەدەین کە تاکەکەس بەدەستیهێناوە یان ئەو ئاستە پەروەردەییەی بەدەستیهێناوە، بۆیە ئەو تاقیکردنەوانە، کە مامۆستایان لە ماوەی ساڵی خوێندندا بە قوتابییەکانیان دەدەن، وەک تاقیکردنەوەکانی: زمانی عەرەبی، کیمیا، یان خوێندنی کۆمەڵایەتی، بە ئامانجی پێوانەکردنی دەستکەوتی ئەکادیمی یان خوێندنی قوتابییان. دەبێت لامان ڕوون بێت کە مەبەستمان لە دەستکەوت کە بەتاقیکردنەوەکان دەپێورێت چیە و ئەمەش بەندە بە پێناسەکردنی ئامانجە پەروەردەییە تایبەتییەکانی مەنهەجەکان، ئەو ئامانجانە بەزۆری لەشێوەی خول و پرۆگرامی خوێندندا دەخرێنەڕوو، بۆیە ئەو تاقیکردنەوانە کە گرنگی بە لەبیرکردن و یادەوەریدا دەدەن، خزمەت بە ئامانجەکانی پێوانەکردنی دەستکەوتەکان دەکەن، ئەگەر مەنهەجەکان ئامانجیان گەیشتن بە ئامانجی فراوانترە، ئەوا تاقیکردنەوەکانی دەستکەوت دەبێت هەوڵی پێوانەکردنی ئەو ئامانجانە بدەن، ڕاستییەکە ئەوەیە کە دەستکەوت هەموو شتێک دەگرێتەوە، کە قوتابی بەدەستیدەهێنێت و هەموو ئەو شتانەی فێری دەبێت، بەو پێیەی ڕۆڵی قوتابخانە ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی سیستماتیکی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری قوتابییان دروستبکات بۆ بەدەستهێنانی هەندێک گۆڕانکاری، هەموو شتێک کە ئەو گۆڕانکارییانە لەخۆدەگرێت، بە بەشێک لە دەستکەوت دادەنرێت. (حسن،2024، 529)، مێژوو تەنها ناوەڕۆکێک نییە، کە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی ڕابردووەوە هەبێت، بەڵکو زانستێکە، کە ڕابردوو بە ئێستاوە دەبەستێتەوە، بە مەبەستی ڕونکردنەوە و بەستنەوەی ئێستا بە داهاتووەوە، خوێندنەوەی مێژوو یارمەتی قوتابییان دەدات لەم جیهانە تێبگەن کە تێیدا دەژین بە شێوەیەکی دروست. ( هاشم، ل128)، دەکرێ ببینرێت، کە دوای ئەوەی زانیاری مێژوو بە چاوێک سەیر دەکرا، وەک ئەوەی زانیاری جێگیر و نەگۆڕو ڕاستی تەواو و پرسی بەڵگەنەویست بن، کەچی لە ئێستادا جێگەی سەرنجدان و گفتوگۆ و ڕەخنە و شرۆڤەکردنن، مێژووش وەک جاران تەنها بە تۆمارکردنی ڕوداوەکانەوە نەماوە، بەڵکو هەوڵی بەستنەوەی ڕوداوەکان و ڕونکردنەوەی هۆی پەیوەندی نێوانیان دەدرێت و شرۆڤەی ئەو پەرەسەندنە دەکرێت، کە بەسەر ژیانی نەتەوەکان و کۆمەڵگە جیاوازەکان هاتووە. ( رمضان،2022، ل 8).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو باسانەی باسکران، ئەو توێژینەوەیە هەوڵی زانینی کاریگەری ستراتیژیەتی(T.P.S) لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی دەدات.

**١.١ كێشەی توێژینەوە:**

زۆر لە قوتابییانی قۆناغی دەیەمی وێژەیی، بە دەست ئاستێكی نزمی دەستكەوتی خوێندن و لاوازی كارلێككردن لەناو پۆلدا دەناڵێنن، لە ئەنجامی پشتبەستن بە شێوازە نەریتی (التقليدي) یەكانی وانەوتنەوە،كە زیاتر گرنگی بە لەبیركردن و لەبەركردندا دەدەن نەک تێگەیشتن و بەشداریكردن،توێژینەوە نوێیەكان دەریانخستووە، كە ستراتیژیەتی فێركردنی چالاک وەک ستراتیژیەتی (T.P.S)، لە بەرزكردنەوەی تێگەیشتنی قوتابییان و گەشەپێدانی تواناكانی بیركردنەوە، پەیوەندیكردن و هاوكاریكردنیان بەشدارن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئاستی دەستكەوتی خوێندنی قوتابی نزم بێت و ئەمەش لەلایەن زۆر لەلێكۆڵینەوەكانەوە پشتڕاستكراوەتەوە، لەوانە لێكۆڵینەوەی(التميمي،2011)، لێكۆڵینەوەی (الباوي،2012)، لێكۆڵینەوەی (وكاع،2013)، توێژینەوەكەی (السامرائي، 2010) ئاماژە بەوە دەكەن، كە دەستكەوتی خراپی قوتابییان پەیوەستە بە كۆمەڵێک هۆكارەوە، لەوانە نەبوونی خولی شێوازەكانی وانەوتنەوە بۆ مامۆستایان، بەكارنەهێنانی شێوازەكانی پەروەردەیی گونجاو و پەیوەندی لاوازی نێوان بەرنامەی خوێندن و ژیانی پراكتیكی (السامرائي، 2010، ل9 )، ( الكناني، 2000) پشتڕاستی دەكاتەوە، كە دەستكەوتی خراپی خوێندن لەنێوان قوتابییاندا لە ئەنجامی بەكارهێنانی شێوازەكانی فێركردنی نەریتی (التقليدي ) یەوەیە كە پاڵنەرەكانی قوتابییان بەرەو فێربوون هاننادەن ( الكناني، 2000،ل2 )،وەک هەندێک لەو شێوازانەی فێركردن، كە لە فێركردنی مێژوودا بەكاردەهێنرێن، تەنها توانای قوتابییان بۆ وەبیرهێنانەوەی زانیاری دەپێون بۆ گەشەپێدانی توانا دەروونی و لێهاتووییەكان و مەیلە زانستییەكان و كارناكەن (الحسناوي،2003،ل1). بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاستی نزمی دەستكەوتی قوتابییان و گەشەپێدانی بیركردنەوەی ئەرێنی قوتابییان، پێویست بوو ستراتیژیەتی فێركاری كاریگەر بگیرێتە بەر، كە كاربكات بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی دەستكەوتی خوێندن لەنێوان قوتابییاندا، لەنێو ئەو ستراتیژیانەدا ستراتیژیەتی (T.P.S) بە پشت بەستن بەو زانیارییانەی سەرەوە، توێژینەوەی ئێستا هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە :

– كاریگەری بەكارهێنانی ستراتیژیەتی (بیربكەوە – دوێتی بكە – بڵاوی بكەوە) (T.P.S) لەسەر دەستكەوتی خوێندن و بابەتی مێژوو لای قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی چییە؟

**٢.١ گرنگی توێژینەوە:**

پەروەردەكاران لە قوتابخانە جیاوازەكانیان لەسەر بنەمایەكی بنەڕەتی كۆكن، كە دامەزراوە پەروەردەییەكان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، ئەویش گەیاندنی قوتابییە بۆ دۆخی فێربوونی خوازراو، بەبەكارهێنانی هەموو تواناكان لەسەر بنەمای فەلسەفە یان ئامانجە پەروەردەییەكانی مەنهەجەكان ( ابراهيم، ٢٠٠٢،ل ١٧٧).

لەگەڵ ئەوەی گۆڕانكارییە چۆنایەتییەكان كە لە كۆمەڵگەدا بەشێوەیەكی خێرا ڕوودەدەن، دوو بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی دامەزراوەی پەروەردەیی، لەلایەک دەبێت هاوسەنگ بێت لەگەڵ ئەو هەوڵانەی بۆ تێپەڕاندنی ئەو واقیعەی ئێستای پرۆسەی پەروەردەیی پێیدا تێدەپەڕێت، لە لایەكی دیكەشەوە دیدێكی ڕاستگۆیانە و ورد پێكبهێنێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا چی ڕوودەدات، لێرەدا پێویستە كۆمەڵگە لە هەندێک لایەنی پرۆسەی پەروەردەیی ڕازیبوونی خۆی نیشانبدات و دامەزراوەی پەروەردەیی بۆ باشتر كردنی پرۆسەی خوێندن بۆ گەیشتن بە دەستكەوتەكانی وڵاتانی پێشكەوتوو لەڕێگەی پەروەردەوە هەنگاوی جدی بنێت (العزاوي،2012، ل7) .

لێرەدا مەبەست لە ستراتیژییەكانی فێركردنی كاریگەر، ئەوانەن كە قوتابییەكان دەتوانن لە ڕاستییەكان تێبگەن و بەیەكەوە ببەستنەوە، سەرنجیان لەسەر بەدەستهێنانی بیركردنەوە ئەرێنییەكان و گەشەپێدانی لێهاتووی و تواناكانیان هەبێت.

( دبور،1987، ل101)، لەنێو ئەو شێوازانەدا ستراتیژیەكانی فێركردنی كاریگەر ئەوانەن، كە قوتابییەكان دەتوانن لە ڕاستییەكان تێبگەن و بەیەكەوە بیانبەستنەوە، وسەرنجیان لەسەر بەدەستهێنانی بیركردنەوە و گەشەپێدانی لێهاتووی و تواناكانیان بێت (دبور،1987، ل 101)، بۆیە گەشەپێدان یان باشتركردنی پرۆسەی پەروەردەیی تەنیا بەند نییە بە ناوەڕۆكی پرۆگرام و كۆرسەكانەوە، بەڵكو بەندە بە بەكارهێنانی باشی ستراتیژییەكانی فێركردنی كاریگەر لە گەیاندنی ناوەڕۆكی پرۆگرامەكاندا (بوبطانە،1986،ل10)، شێوازەكانی وانەوتنەوە لە پرۆسەی فێربوون و فێركردنی بابەتی مێژوو

جێگایەکی سەرەکی دەگرن و بەمانای هاوچەرخی خۆیان، مەبەست لەو شێوازو ڕێکارانەن کە مامۆستا بۆ ئاڕاستە کردن و سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکانی قوتابییان بۆ ئەوەی فێربوون بێتە ئاراوە بەکاریدەهێنن ( الامين، ١٩٩٢،ل ٣٧-٣٦)، جگە لەوەش ستراتیژی و شێوازە مۆدێرنەکان کاریگەرییەکی ڕوونیان هەیە لەسەر گۆڕینی هەڵوێستی قوتابییان بەرامبەر بە پرۆسەی فێربوون بە گشتی و بابەتی ئەکادیمی بە تایبەتی، لەلایەکی دیکەوە ئەم ستراتیژ وشێوازانە کاریگەرییان لەسەر ووروژاندنی بەردەوامی پاڵنەرەکانی قوتابییان بەرەو پرۆسەی فێربوون هەیە، کە لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی دەستکەوتی ئەکادیمییان، ڕەوتی مۆدێرن لە ستراتیژی و شێوازەکانی فێرکردندا لە گرنگیدان بە پرۆسەی هەڵگرتنی زانیاری لە مێشکی قوتابیدا گۆڕاوە بۆ بەکارهێنانی باشترین لەڕێگەی پرۆسەی فێربوونی بنەڕەتییەوە، کە کاریگەرییان لەسەر ئەدای قوتابییان و ئاستی دەستکەوتی خوێندنی هەیە. ( يونس وئەوانيتر، ٢٠٤،ل ٧٥)، ئەو ستراتیژیانەی کە مامۆستا لە پۆلدا پەیڕەوی لێدەکات یەکێکە لە گرنگترین توخمەکانی زانیارییەکانی پرۆسەی وانەوتنەوە، کە قوتابیەکان دەتوانن زانیاری نوێ ڕێکبخەن و لەگەڵ زانیارییەکانی پێشوو لەناو پێکهاتەی مەعریفیدا تێکەڵیان بکەن بۆ بەرهەمهێنانی فێربوونێکی مانادار بۆیان، لەنێو ئەم ستراتیژییە مۆدێرنانەی کاریگەرییان سەلماندووە ستراتیژی ( بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە ) (T.P.S) هەیە، کە بریتییە لە یەکێک لە ستراتیژیەکانی فێربوونی چالاک.

ستراتیژی فێربوونی چالاک بە گشتی و ستراتیژی (بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە) (T.P.S) بەتایبەتی هانی قوتابییان دەدەن بۆ کارلێککردن و بەشداریکردن لەکاتی کارکردن بە گروپ، پرسیاری زۆر هەمەچەشن، ئەمەش ڕێگە دەدات بە بەکارهێنانی تواناکانی بیرکردنەوەی هەمەچەشن. شیکاری قوڵی قوتابییان بۆ کار و بەشداریکردنیان لە چالاکییەکاندا چەمک و توانای بیرکردنەوەی جیاوازیان پێدەبەخشێت و چارەسەرکردنی کێشەکانیان پێدەبەخشێت و بۆ بڕیاردان هانیان دەدات (Mathews,2006,p101) (ابو رياش) ئاماژە بەوە دەکات، کە پێویستی ستراتیژیەکانی فێربوونی چالاک لە ڕێگەی بێتوانایی قوتابییانەوە سەریهەڵداوە، کە بەڕاستی زانیاری نوێ لە مێشکیاندا لەگەڵ زانیارییەکانی پێشوودا دوای هەر چالاکییەکی پەروەردەیی تەقلیدی تێکەڵ بکات (ابو رياش، 2007، ل210).

ستراتیژی(T.P.S)، یەکێکە لەو ستراتیژیانەی بۆ چالاککردنی زانیاری پێشوەختەی قوتابییان لەسەر دۆخی پەروەردەیی بەکاردێت (Guilford , C.T.F,2002,p70)، ئەم ستراتیژە بەو ڕاستییە تایبەتمەندە، کە دەرفەت بە قوتابییان دەدات، لەناوەوە لەگەڵ خۆیان و لەدەرەوە لەگەڵ هاوکارەکانیان بیربکەنەوە و پێش وەڵامدانەوە بیربکەنەوە و پێداچوونەوە بکەن و دواتر بڵاوی بکەنەوە، بیرۆکەکان هاوبەش بکەن و بگەنە چارەسەری گونجاو ( زيتون، 2007،ل 568 )، ستراتیژی (T.P.S) بە چەند تایبەتمەندییەک تایبەتمەندە، کە پسپۆڕان و توێژەران بەم شێوەیە دەستنیشانیانکردووە :

1- بەشداری چالاکانە لەنێوان قوتابییان و مامۆستاو لەنێوان خودی قوتابییاندا بەرزدەکاتەوە.

2- دەرفەت بۆ قوتابییان دەرەخسێنێت، کە لە پرۆسەی فێربووندا چالاک بن، ئەمەش یارمەتییان دەدات کاریگەری فێربوون تا ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە.

3- دەستکەوت زیاد دەکات و ئاستی بیرکردنەوەی بەرزتر گەشەپێدەدات.

4- دەرفەت دەدات بە قوتابییان بۆ فێربوونی شێواز و تەکنیکە جیاوازەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

5- بەردەوامی پاڵنەرەکانی قوتابییان بەرە و فێربوون دەپارێزێت.

6- کەشێکی پەروەردەیی پڕ لە چالاکی و کاریگەری دروستدەکات (محمود،2016،ل386).

**هەنگاوەکانی ئەم شێوازە بەم شێوەیە کورتدەکرێنەوە :**

هەنگاوی یەکەم :بیرکردنەوە/ مامۆستا پرسیارێک یان پرسێک، کە پەیوەستە بەو زانیارییانەی لە وانەکەدا بۆ قوتابییان ڕوونکراوەتەوە دەخاتەڕوو، داوایان لێدەکات خولەکێک بەسەربەرن و هەریەکەیان بە تەنها بیر لە پرسیارەکە بکاتەوە، (Mary and others،1993 ،p 47 )

هەنگاوی دووەم : دوێتبکە/ مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، کە دوێت بکەن و باس لەوە بکەن، کە بیریان لە چی

کردۆتەوە، ئەم هەنگاوە (3 تاکو5) خولەک دەخایەنێت (جبار، 1999)

هەنگاوی سێیەم: بڵاوکردنەوە/ تیایدا قوتابییەکان بە شێوەی زارەکی وەڵامەکانیان بۆ ئەم پرسیارە دەردەبڕن، کە لە بەردەم پۆلەکەدا کراوە لەلایەن مامۆستا وە بۆ ئەوەی بیرۆکەکانیان بەیەکەوە باسبکەن، کە لەڕێگەی دوو هەنگاوی پێشووەوە گەیشتوونەتە ئەو بابەتە بە دەست بەرزکردنەوە وەڵامەکان وەردەگیرێن ( Gunter et al ،1999).

لە بەکارهێنانی ستراتیژی (T.P.S) بە پێدانی ئەرکێکی پەروەردەیی تایبەت بە قوتابییان دەستپێدەکات وەک پرسیارێک یان کێشەیەک، کە ئامانجێکی پەروەردەیی تایبەت دەردەبڕێت، پاشان ماوەیەکی (5–3) خولەکی دیکە دەدرێت بە قوتابییان تا بە تاک بیر لەو ئەرکە بکەنەوە، دواتر (5–3) خولەکی دیکە بە قوتابییان دەدرێت، بۆ ئەوەی هەر قوتابییەک باسی ئەوە بکات کە پێیگەیشتووە لەگەڵ قوتابییەکی دیکە، لە کۆتاییدا هەردوو قوتابییەکە لەگەڵ دوو قوتابییەکی دیکە بڵاوی دەکەن. (McKinny1998) بڕوانە شێوەی ژمارە (1)

لەسەر بنەمای ئەوانەی سەرەوە توێژەر گرنگی توێژینەوەکە لە ڕێگەی ئەمانەی خوارەوە نیشان دەدات :

١- درککردن بە گرنگی ستراتیژییەکانی فێربوونی مۆدێرن کە لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابی بەشدارن.

٢- گرنگی دەستکەوت بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی ئەو دەرئەنجامانەی وانەوتنەوەیە کە دامەزراوە پەروەردەییەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن.

٣- گرنگی قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی، چونکە نوێنەرایەتی دەرچوون لە وەزارەتی پەروەردە دەکەن بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

٤- توێژینەوەی ئێستا ڕەنگە یارمەتی دەر بێت لە پێشکەشکردنی هەندێک پێشنیاز بۆ مامۆستایان سەبارەت بە گرنگی بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک، لەوانەش ستراتیژی (بیربکەوە – دوێتی بکە وە - بڵاوی بکەوە).

٥- گەشەپێدانی ئەدای مامۆستایان بەگوێرەی گۆڕانکارییەکانی سەردەم لە بواری پەروەردەدا.

### ٣.١ ئامانجی توێژینەوە:

زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی (T.P.S ) لەسەر دەستکەوتی خوێندنی قوتابییانی قۆناغی دەیەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوو.

### ٤.١ گریمانەی توێژینەوە:

نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) لەنێوان ناوەندە ژمێری نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە ئەوانەن (T.P.S) لە گەڵیان بەکارهاتووە بۆ خوێندن و ناوەندە ژمێری نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بەگوێرەی ستراتیژیەتی (ئاسایی) پیادەکراو خوێندوویانە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بابەتی مێژوو.

### ٥.١ سنووری توێژینەوە:

١.٥.١ سنووری مرۆیی (بشري): قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی وێژەیی.

٢.٥.١ سنووری شوێنی توێژینەوە (مکاني): قوتابخانەی لیڤاری ئامادەیی کچان، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی دەوروبەر (عنکاوە)

٣.٥.١ سنووری کاتی توێژینەوە (زمني): وەرزی دووەم - ساڵی خوێندنی (2025- 2024)

٤.٥.١ سنووری بابەتی (موضوعي): پەرتوکی مێژوو پۆلی دەیەمی وێژەیی، بەشی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم.

**٦.١ زاراوەکانی توێژینەوە:**

**١.٦.١ کاریگەری (اثر):**

-(حسن،2022) بەم شێوە پێناسەی کاریگەری کردووە دەڵێت: بەرهەمێکی مەعریفی، یان دەروونی جووڵەییە، کە لە ئەنجامی کردارەکانی مرۆڤەوە دروست دەبێت (حسن،منی زهیر،2022، ل789)

-(حمید،2024) وا پێناسەی کاریگەری کردووە و دەڵێت: دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکی خوازراو، یان نەخوازراوە، کە لە ئەنجامی پرۆسەی پەروەردەی مەبەستداردا لە فێرخوازدا ڕوودەدات. (حمید علي شياع،2024، ل12)

-توێژەر لە ڕووی ڕێکارییەوە وا پێناسەی کاریگەری دەکات: ئەو گۆڕانکارییە مەعریفییە مەبەستدارانەیە، کە لەنێو قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی، لە گروپی تاقیکاری بەدەستهاتوون.

**٢.٦.١ ستراتیژیەتی (T.P.S):**

-( ریکات،2014) پێناسەی ستراتیژیەتی (T.P.S) بەم شێوەیە کردووە:

یەکێکە لە ستراتیژییە چالاکەکانی فێربوونی هاوکاری کە پەیوەستە بە جووڵە و کارلێک و بەشداری قوتابییان لە چالاکییە پەروەردەییەکان و ئامانجی چالاککردن وباشترکردنی زانیاری وئەزموونی پێشووی قوتابییانە(ریکات،2014، ل 43)

-(Moreno & others,2022) مۆرینۆ و هاوڕێیەکانی پێیان وایە، ستراتیژیەتی(T.P. S)، ستراتیژی فێربوونی هاوبەشە کە قوتابییان پێکەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک یان وەڵامدانەوەی پرسیارێک کاردەکەن، سەبارەت بە خوێندنەوەیەکی دیاریکراو، ئەم ستراتیژە پێویستە قوتابییان بە تاک بیر لە بابەتێک، یان وەڵامێک بکەنەوە، و بیرۆکەکان لەگەڵ هاوپۆلەکان دا هاوبەش بکەن. (moreno, others,2022, 1596p )

- توێژەر لەڕووی ڕێکارییەوە وا پێناسەی ستراتیژیەتی(T.P.S ) دەکات:

یەکێکە لە ستراتیژییە پەروەردەییەکان ئامانجی بەرزکردنەوەی فێربوونی قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەییە بە ئاڕاستەکردنی بەرەو گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی و ڕەخنەگرانەی هاوبەش هانی قوتابییان دەدات بۆ بەشداری چالاکانە لە پرۆسەکانی دەروونی و پەروەردەیی

**٣.٦.١ دەستکەوتی خوێندن (التحصيل الدراسي):**

– ( محمد 2011) پێناسەی دەستکەوتی خوێندنی بەم شێوە کردووە :ئەو پێشکەوتنەیە قوتابی بەدەستیدەهێنێت لە گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو بابەتە پەروەردەییەی خوێندوویەتی بەو نمرەیەی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا بەدەستی دەهێنێت دەپێورێت (محمد،2011، ل11)

– (حمید 2024) ئەو پلە یان ئاستی سەرکەوتنەیە کە خوێندکار لە بوارێکی خوێندندا بەدەستی دەهێنێت. (حمید،2024، ل12)

– توێژەر لەڕووی ڕێکارییەوە وا پێناسەی دەستکەوتی خوێندن دەکات: ئەو نمرانەیە قوتابی لەڕێگەی خوێندنی بابەتەکانی پرۆگرام و دەرچوون لە تاقیکردنەوە بەدەستیهێناوە.

**٤.٦.١ مێژوو (التاريخ):**

-(الهلالي 2015) دەڵێت مێژوو : زانستی ڕابردووی مرۆڤە بە مانای فراوانی وشەکە، لە پرۆسەی زەوی و ئاسمان و جۆرەکانی بوونەوەر و شارستانیەت دەکۆڵێتەوە ( الهلالي،2015، ل16).

-(عزیز,2022) دەڵێت : دەتوانرێت بوترێت مێژوو کۆکراوەی ئەو ڕووداوو زانیارییانەیە، کە لە ڕابردوو ڕووی داوە و بەشێوەی تۆمارکراو بۆ مرۆڤایەتی ماوەتەوە(عزیز،2022،ل 9).

-توێژەر لەڕووی ڕیکارییەوە وا پێناسەی مێژوو دەکات: بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ڕابردوو بەڵگەنامەکردنی ڕووداو و پێشهاتەکان، بە زانستێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە لە شارستانییەکان و کلتوورەکان و ڕووداوە مێژووییەکان و چۆنیەتی کاریگەرییان لەسەر جیهانی ئێستا هەیە.

### ١.٢ چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:

### ١.١.٢ تێڕوانینێکی گشتی مێژوویی بۆ ستراتیژی (T.P.S):

ئاڵوگۆڕی بیروڕا و ستراتیژی ( بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە ) بە یەکێک لە ستراتیژیەکانی فێربوونی هاوبەشی مۆدێرن دادەنرێت، پێکهاتەیەکی بچووکە بۆ فێربوونی هاوبەشی چالاک، ستراتیژی (بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە ) لەلایەن (1985 Frank lyman) پێشنیاز کراوە و دواتر لەلایەن (Mary land1985) پەرەی پێدراوە (نویوة،2020،ل181).

سەردەمی ئێستا بە گەشەی مەعریفی و شۆڕشی تەکنەلۆجی وگۆڕانکاری گەورە لەهەموو بوارەکانی ژیانی هاوچەرخدا دەناسرێتەوە لە ژێر ڕۆشنایی هەموو ئەو گۆڕانکارییانە دا، ڕۆڵی مامۆستا بۆ قوتابی تەنها گواستنەوەی زانست نییە، بەڵکو ڕاهێنانیانە لەسەر چۆنیەتی بەدەستهێنانی وئاڕاستەیان بکەن بۆ فێربوون و گەشەپێدانی خوودو یارمەتیان بدەن بۆ فێربوون وچالاکبوون لە فێربوون.

پرسی بەشداری چالاکانەی قوتابی لە پرۆسەی فێربووندا یەکێکە لەو بابەتانەی کە ژمارەیەک بیرمەندی پەروەردەیی بۆ دەیان ساڵە داوادەکان و دیارترین ئەو بیرمەندانە (جۆن دیۆی و جان بیاجێ و جیرۆم وبرۆنەر)ە، هەموویان جەخت لەسەر گرنگی هەوڵێکی دەروونی فێرخواز دەکەنەوە، لە پرۆسەی فێربووندا بە ئەنجامدانی چالاکییەکانی فێربوون (آبوعلی،2016،ل12)

### -پێناسەی ستراتیژیەتی (T.P.S):

ئەم ستراتیژیە بە چەندین شێوە پێناسە کراوە، لەوانە پێناسەی(آبوعلی،2016) کە دەڵێت : یەکێکە لە ستراتیژیەکانی فێربوونی چالاک و مانادار، ئەم ستراتیژە بە سێ هەنگاودا تێدەپەڕێت: بیرکردنەوە، دوێتکردن، بڵاوکردنەوە بە پرسیارێک، کە لەلایەن مامۆستاوە دەستپێدەکات و داوا لە قوتابییان دەکات تاکەکەسی بیری لێبکەنەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکرا، پاشان بە دوێت بۆ گفتوگۆکردن و بیرۆکە کاردەکەن، پاشان ئەو بیرۆکانە کە هاتوونەتە پێشەوە لەگەڵ هەموو پۆلەکەدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ پرسیارەکە هاوبەشی دەکەن. (آبوعلی،2016،ل14)

(ابوغالي،2010) ســـــتراتیژیەتی (بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە ) بە یەکێک لە ســـــتراتیژییەکانی فێربوونی هاوبەشی چالاک دادەنێت، لەسەر بنەمای جووڵە و کارلێککردن و بەشداریکردی قوتابییان لە چالاکییە پەروەردەییەکان و بۆ چالاککردن و باشترکردنی زانیاری و ئەزموونی پێشووی قوتابییان بەکاردێت. (ابوغالي، 2010، ل 52)

### -ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژیەتی ( T.P.S ) :

ڕۆڵی مامۆســـــتا لە ســـــتراتیژیەتی ( بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە )(T.P.S) ئەرێنییە و چالاکە، وەک چۆن مامۆســـتا چەندین ئەرکی بۆ ئەنجامدانی هەیە، و یەکێک لە گرنگترینەکان، ئەو ئەرکانەیە، کە مامۆســـتا دەتوانێت لەژێر ڕۆشنایی ستراتیژی ( بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە ) سەرکەوتووبێت لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم/ پێش وانەکە:**

١- ئاشناکردنی قوتابییان بە سروشتی بەرێوەبردنی ئەم ستراتیژیە

٢- بە ڕوونی ئامانجە پەروەردەییە خوازراوەکان بۆ هەر وانەیەک دیاری بکات بە ئامانجی زانینی ئەو ڕەفتارانەی، کە پێویستە هەر قوتابییەک بتوانێت لە کۆتایی وانەکەدا ئەنجامی بدات

٣- ئامادەکردنی کەرەستە و ئامێر و یارمەتییە پەروەردەییەکان بۆ هەر وانەیەک، پێویستە،مامۆستا لەپێش وانەکە دڵنیابێتەوە، هەموو کەرەستە و ئامێرە پێویستەکان ئامادەن و بۆ هەر وانەیەک لە شوێنی دیاریکراو دانراون.

٤- پێکهێنانی گروپ، مامۆستا قوتابییان دابەشی سەر گروپەکان دەکات، هەر گروپێک (4) قوتابی لە ئاستە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت، بە جۆرێک دوو قوتابی، دوو قوتابی، دوانی یەکەم پێکدێت لە قوتابییەک لە ئاستی یەکەم و قوتابییەک لە ئاستی چوارەم، دوانەی دوامیش پێکدێت لە قوتابییەک لە ئاستی دووەم و قوتابییەک لە ئاستی سێیەم.

٥- ئامادەکردنی ژینگەی فێربوون (پۆل) بەشێوەیەک بەشدار بێت لە کارلێکی ئەندامانی هەر گروپێک، هەر گروپێک

ڕووبەڕووی یەکتر دادەنیشن، بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی کارلێککردن لەنێوانیاندا ڕوودات، بۆ ئەوەی بتوانن ئاڵوگۆڕی زانیاری لەبەرچاوبگیرێت

٦- دارشتنی ڕێکار وهەنگاوەکانی وانەکە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پرسیار و کێشانەی کە دەخرێنە بەردەم گروپەکان بۆ گفتوگۆکردن، هەروەها دیاریکردنی کاتی جێبەجێکردنی هەر قۆناغێکی ستراتیژی. (حمد،2015،ل76)

**دووەم/ لەکاتی وانەکە:**

١- دوای ڕوونکردنەوەی پێشەکی وانەکە، مامۆستا ئەو پرسیارە، یان کێشەیەی لەژێر گفتوگۆدایە بۆ پۆلەکە دەخاتە ڕوو، هەروەها کاتی بیرکردنەوەی قوتابییان بە تەنها و کاتی دوێتی دوانە و کاتی گروپی لەهەر هەنگاوێکدا بەیەک لەدوای یەک ڕادەگەیەنێت.

٢- جەخت لەوە دەکاتەوە کە قوتابییان لە کاتێکدا بە تاک بیر لە وەڵامی پرسیارەکە دەکەنەوە قسەنەکەن و نەگەڕێن.

٣- مامۆستا داوا لە هەر دوانیک دەکات باسی ئەو بیرۆکە و ئەنجامانە بکەن، کە پێی گەیشتوون.

٤- مامۆستا کارتی کار بەسەر قوتابییان دابەشدەکات، کە تیایدا بیرۆکە و چارەسەری تاکەکەسی و گروپی خۆیان دەنووسن، بەم شێوە مامۆستا دەتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ قوتابییەکان بکات بە تاک و شێوازی بیرکردنەوەی قوتابییان بزانێت، هەروەها بە کۆمەڵ هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات.

٥- چاودێریکردنی کاری گروپەکان لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی پێویست لە هەرسێ هەنگاوەکەدا،ودڵنیابوون لەوەی بیروڕاو ڕوونکردنەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن (حمد،2015،ل76)

٦- مامۆستا سەرپەرشتی ئەو شتانە دەکات، کە لە پۆلدا دەگوزەرێت و ڕێنمایی ئاراستەی قوتابییان دەکات بەرەو وەڵامە ڕاستەکان.

٧- مامۆستا دەبێت ماوەی کات بۆ هەر قۆناغێکی ستراتیژیەکە کۆنترۆڵبکات و کاتێکی پێویست و گونجاو بۆ هەر قۆناغێک تەرخانبکات (نویوة،2020،ل 139).

**سێیەم/ دوای وانەکە:**

١- کورتەیەک لە خاڵە سەرەکییەکانی وانەکە، خستنەڕووی ئەو بیرۆکە و ئەنجام و چارەسەرانەی کە قوتابییان پێی گەیشتوون.

٢- بەشێوەیەکی بابەتیانە و ڕوون و بە زاراوەی تایبەت سەرنج لەسەر ئەوەی کە لە گروپەکاندا لە کاتی کارکردنیاندا چاودێری کردووە، و ئەو گۆڕانکاریانەی پێشنیازی دەکات، کە لە ڕەفتارەکانیان لە داهاتوودا، پاشان هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ ئەدای گروپەکان دەخاتەڕوو.

٣- مامۆستا نمرەی هەر گروپێک ڕادەگەیەنێت و گروپی براوە دیاریدەکات و سوپاسی بەشداربووان دەکات بۆ بەشداریکردن و فیدباک و هانی زیاتریان دەدات بۆ بەشداری کردنی کاریگەر لە داهاتوو دا. (حمد،2015،ل 77)

**-ڕۆڵی قوتابی لە ستراتیژیەتی ( T.P.S )**

قوتابییان ئەزموون و توانا و ئارەزووی جۆراوجۆر لە هەر بابەتێکی نوێدا پێشکەش دەکەن، هەروەها لێکۆڵینەوەی ورد لە پاشخان و تێگەیشتنە پراکتیکییەکانی قوتابییان یارمەتی مامۆستایان دەدات ڕێنمایی دابڕێژن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێڕوانینە هەڵەکان و بنیاتنانی ئەزموونە هاوشێوەکان، لە م ستراتیژیەتە قوتابی ڕۆڵی چالاکانەی هەیە، کە بە چالاکی و کارلێککردن و زیندوویی لەناو پۆلدا تایبەتمەندە ڕۆڵی قوتابی تەنها بە وەرگرتنی زانیاری ناوەستێت، بەڵکو ڕۆڵی ئەو ئەرێنییە، نەک نەرێنی، چونکە دەستپێشخەری فێربوون و بەشداریکردن و گفتوگۆکردن و کارلێککردن لەگەڵ هاوکارەکانی تردا دەکات، جگە لە ڕۆڵی خۆی (نویوة،2020،ل184)، دەتوانین ڕۆڵی قوتابی لە ستراتیژیەتی ( بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە ) لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو، شێوەی ژمارە (١) :

١- بیرکردنەوەی تاکەکەسی لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی مامۆستا دروستیدەکات و چالاککردنی زانیاری و

ئەزموونەکانی پێشووی و بەکارهێنانی بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک بۆ کێشەکە.

٢- بەشداریکردنی کاریگەرانە لە گفتوگۆی دوولایەنە و گروپەکان بە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامی کۆتایی، کە هەموو ئەندامانی گروپ لەسەری ڕێککەوتوون.

٣- هەر قوتابییەک بیرۆکە و بۆچوون و پێشنیازەکانی خۆی دەخاتە ڕوو هاوکات یارمەتی کەسانی دیکە دەدات لە تەواوکردنی ئەرکە پێویستییەکان.

٤- مەشقکردن بە گوێگرتن لەسەرنج و بۆچوونەکانی کەسانی تر، مەشقکردن بە گفتوگۆیەکی هێمن و ئامانجدار.

٥- کارلێککردن لەگەڵ هاوکارەکانی تر، پاراستنی پەیوەندییەکی باش و ئەرێنی لەنێوان خۆی وهاوکارەکانیدا ( الاغا، 2016، ل31)، لە خستنە ڕووی پێشووی ڕۆڵی مامۆستا و قوتابی لەژێر ڕۆشنایی ئەم ستراتیژەدا ڕوونە، کە سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندن پەیوەستە بە دوو شتی بنەڕەتییەوە، کە یەکەمیان: بزوێنەری پرۆسەی پەروەردەییە (مامۆستا) یە لە ئەنجامدان و پلاندانان بۆ کارکردن لە گەڵ ئەو ستراتیژە بەشێوەیەکی دروست و توانای دروستکردنی ژینگەیەکی پەروەردەیی باش کە پەیوەندی هاوبەشی نێوان قوتابییان تایبەتمەندە، ئەو ڕێبەر و ڕاهێنەرە ئاسانکاری پرۆسەی فێربوون و سەرچاوەی زانیارییە، دووەمیان: تەرکیزی پرۆسەی پەروەردەییە (قوتابی)یە، گەورەترین بارگرانی دەکەوێتە سەری لە دەستراگەیشتن بە ڕاستییەکان و زانیارییەکان و زۆرترین هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی فێربوونی کاریگەر، هەروەها توانای کارلێکی ئەرێنی لەگەڵ مامۆستا و هاوتەمەنەکانی لە پۆلدا. (الاغا، 2016، ل31)




**شێوەی ژمارە (١) هەنگاوەکانی ستراتیژیەتی (T.P.S)**

توێژەر وای دەبینێت، ستراتیژیەتی (T.P.S) ستراتیژیەتێکی فێربوونە، لە فێربوونی چالاک و فێربوونی هاوبەش لەنێو قوتابییان بەکاردەهێنرێت، پشت بە دابەشکردنی ئەرکەکان و ئاسانکاری کارلێککردن لەنێوان تاکەکاندا دەبەستێت و پەرە بە بیرکردنەوەی ئەرێنی قوتابییان دەدات و هانی هاوکاری کۆمەڵایەتی دەدات، ڕێگایان دەدات بیرۆکەکانیان دەربڕن و گفتوگۆی بنیاتنەر ئەنجامبدەن.

**چەمکی دەستکەوتی خوێندن ( مفهوم تحصیل الدراسي ):**

دەستکەوتی خوێندن ئاماژەیە بۆ ئەو ئاستە پەروەردەییەی کە تاک بەتەواوکردنی خوێندنەکەی لە قۆناغێکی دیاریکراودا بەدەستیدەهێنێت، هەروەها پەیوەستە بە ڕادەی گەیشتن بە ئاستێکی دیاریکراوی لێهاتوویی خوێندن، جا چ لە قوتابخانەکان بێت، یان لە زانکۆکان، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ولێهاتوویی لەسەر بنەمای بڕیارەکانی مامۆستایان دیاریبکرێت، دەستکەوتی خوێندن ڕەنگدانەوەی ڕاددەی بەدەستهێنانی بابەتەکانی خوێندنی ئەکادیمی، تێگەیشتنەکەی و ڕادەی توانای تاکەکەس بۆ بەکارهێنانی زانیاری و لێهاتوویی جۆراوجۆر لە چارەسەرکردنی کێشەکان. (رشید، 2018)

– **(العوض2015)** پێناسەی دەکات، بەوەی کە کۆمەڵێک زانیارییە، کە تاک لە ماوەی ساڵی خوێندندا لە بابەتێک یان مەنهەجێکدا بەدەستیدەهێنێت، ئەمەش لە ئەدای قوتابیدا لە تاقیکردنەوەکانی دەستکەوت ڕەنگدەداتەوە. (العوض، 2015، ل46 )

–هەروەها **(سمیة 2019)** دەستکەوتی خوێندنی بەم شێوەیە پێناسە کردووە : ئاماژەیە بۆ تێگەیشتنی قوتابییان لە وانەکان و کۆششیان لە بابەتەکانی خوێندندا، ئەمەش لەڕێگەی نمرەکانی تاقیکردنەوەکانەوە دەردەکەوێت، کە قوتابییان بەدەستیدەهێنن. (سمیة،2019، ل21)

*** جۆرەکانی دەستکەوتی خوێندن ( انواع تحصيل الدراسي )**

دەستکەوتی خوێندن دەتوانرێت بەسەر سێ جۆردا دابەش بکرێت:

١- دەستکەوتی باش (تحصيل الجيد): ئاستی قوتابی زیاترە لە تێکڕای هاوکارەکانی لە هەمان ئاست و لە هەمان بەش.

٢- دەستکەوتی ناوەند (تحصيل المتوسط): لەم جۆرە دەستکەوتەدا ئەو نمرەیەی قوتابی بەدەستیدەهێنێت، نوێنەرایەتی نیوەی ئەو توانایە دەکات، کە خاوەنیەتی و ئەنجامەکەی مامناوەندە.

٣- دەستکەوتی لاواز (تحصيل المنخفض): ئەم جۆرە ئەنجامە بە دەستکەوتی خوێندنی خراپ ناسراوە، کە تیایدا ئاستی قوتابی بەراورد بە باقی هاوپۆلەکان لە خوار ئاستی ئاساییەوە بۆیە ڕێژەی ئیستیغلالکردنی قوتابی لە توانا دەروونی و فیکرییەکانی لاوازە. (محمد،2022، ل 554)

**٢- شیکار و بەراوردی نێوان توێژینەوەکانی پێشوو:**

لە چوارچێوەی ئەو زانیارییانەی توێژەر بەردەستی کەوتوون دەربارەی توێژینەوەکانی پێشوو، توانیویەتی توێژینەوەکان کۆبکاتەوە، دەربارەی گۆڕاوی سەربەخۆی توێژینەوەکە، ستراتیژیەتی (بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە)، بەمەش دەتوانین لە چەند لایەنێکی جیاوازەوە شیکار و بەراورد لەنێوان توێژینەوەکانی پێشوو ئەو توێژینەوەیەی ئێستا بکەین، کە بریتییە لە:

**١. لەڕووی ئامانجی توێژینەوە:**

تەواوی توێژینەوەکانی خراونەتەڕوو ئامانجەکانیان بریتین لە زانینی کاریگەری ستراتیژیەتی (بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە) (T.P.S) لەسەر کۆمەڵێک گۆڕاوی پاشکۆی جیاواز، لەوانەش (دەستکەوتی خوێندن، گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی )، ئەم توێژینەوانە گەیشتوونەتە چەند ئەنجامێکی ئەرێنی لە بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانیان، بەمەش ئاماژە بە بوونی جیاوازییەکی ئاماری گرنگ دەدەن لە نێوان وانەوتنەوە بە شێوازی ئاسایی و وانەگوتنەوە بەپێی ستراتیژیەتی (T.P.S) ئەو جیاوازییەش لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونکاری دایە،ئەم توێژینەوەی ئێستا ئامانجی زانینی کاریگەری ستراتیژیەتی (بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە )یە لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکانی وەک دەستکەوتی خوێندنە, لە بابەتی مێژوودا.

**٢. بەرنامەی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکاندا :**

تەواوی ئەو توێژینەوانەی خراونەتەڕوو، بەرنامەی ئەزموونی تیادا پەیڕەوکراوە، ئەمەش بەهۆی گونجانی ئەم بەرنامەیە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە، بەهەمان شێوەی ئەم توێژینەوانە بەرنامەی ئەزموونی بۆ ئەم توێژینەوەی ئێستا بەکارهاتووە.

**٣. نموونە (عەینە) ی توێژینەوە و قۆناغی خوێندن:**

توێژینەوەکان لەڕووی نموونە و قەبارەو ڕەگەز وقۆناغی خوێندندا جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە توێژینەوەی( ابوغالي ٢٠١٠) ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەی لە (١٦١) قوتابی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) لە دوو قوتابخانەی جیاواز پێکهاتووە، هەرچی توێژینەوەی (ابوالعلا ٢٠١٦) ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەی لە (٨٠) قوتابی پۆلی نۆیەم پێکهاتووە، هەروەها توێژینەوەکەی (محمود ٢٠١٦) ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەی لە (٣٠) قوتابی نێرو مێ لە پۆلی پێنجەم پێکهاتووە، بەڵام توێژینەوەی (شيخ والشواوره ٢٠١٩) ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەی لە ( ٣٤ ) قوتابی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی پێکهاتووە، توێژینەوەی (رمضان ٢٠٢٢) ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەی لە (٥٣) قوتابی لە پۆلی یازدەی ئامادەیی پێکهاتووە، هەرچی توێژینەوەی (شهاب٢٠٢٣) ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەی لە (٣٠) قوتابی نێرو مێ پێکهاتووە، توێژینەوەی ئێستای توێژەر لەسەر (48) قوتابی قۆناغی دەیەمی وێژەییە.

**٤. بابەتی فێرکاری و توێژینەوەکان:**

لەم توێژینەوانەدا ستراتیژیەتی ( بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە ) لەسەر کۆمەڵە بابەتێکی فێرکاری جیاواز جێبەجێکراوە، بۆنموونە توێژینەوەکەی (ابوغالي ٢٠١٠) بابەتی زانستی دیاریکردووە، و توێژینەوەی (ابوالعلا ٢٠١٦ )

بابەتی پەروەردەی ئیسلامی دیاریکردووە، توێژینەوەی (محمود٢٠١٦) بابەتی مێژووی دیاریکردووە، جگە لەوە توێژینەوەکەی ( شیخ والشواورە ٢٠١٩) بابەتی بیرکاری دیاریکردووە، هەروەها توێژینەوەی (رمضان٢٠٢٢) بابەتی مێژووی دیاریکردووە وە توێژینەوەکەی (شهاب ٢٠٢٣) بابەتی زانستی دیاریکردووە، لەم توێژینەوەیە بابەتی مێژوو دیاریکراوە.

**٥. ئامرازی توێژینەوە:**

هەریەک لە توێژینەوەکانی پێشوو کۆمەڵێک ئامرازی جیاوازیان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە توێژینەوەکەیان بەکارهێناوە، بۆ نموونە توێژینەوەی (ابوالعلا ٢٠١٦) تاقیکردنەوەی بەدەستهێنان لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک پێکهاتووە، تاقیکردنەوە چەمک و توێژینەوەی (محمود٢٠١٦) تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەرەکانی وابەستەیی ئەرێنی بەیەکەوە، هەروەها جگە لەوە توێژینەوەکەی ( شیخ والشواورە ٢٠١٩) پێوەری (لیکرت)ی پێنج خاڵی: بەتوندی ناکۆک، ناکۆک، بێلایەن، ڕازیم، بەتوندی هاوڕام بەکارهاتووە، توێژینەوەی (رمضان ٢٠٢٢) تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری وپێوەری گەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری بەکارهێناوە. ئەم توێژینەوەیەی توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بەکارهێناوە وەک ئامرازێکی توێژینەوە.

**٦. ئامرازە ئامارییەکان:**

توێژینەوەکانی پێشوو لە بەکارهێنانی هۆکارە ئامارییەکان لەیەکتر جیاوازن، چەندین هۆکاری ئامارییان بەپێی گونجانیان و چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکەیان بەکارهێناوە، گرنگترینیان تاقیکردنەوەی تائی(T.P.S) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێری، چوارگۆشەی کای، هاوکۆڵکەی پێرسون و هاوکۆڵکەی کۆهین و هاوکۆڵکەی دوجای ئیتا.. ) بەڵام لەم توێژینەوەی ئێستادا هۆکاری ئاماری وەک (تاقیکردنەوەی تائی و تاقیکردنەوەی کای2 و لادانی پێوەری و ناوەندە ژمێرەیی و هاوکۆڵکەی سپێرمان و کرۆنباخ و جێتمان و پێرسۆن) تێدا بەکارهێنراو.

**٧. ئەنجامی توێژینەوە:**

ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکانی پێشوو پێیگەیشتوون هەموویان جەخت لەسەر کاریگەری ئەرێنی دەکەنەوە لە کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی (بیربکەوە – دویتی بکە – بڵاوی بکەوە) وەک گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکانی وەک (پەرەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی لۆژیکی، پەرەپێدانی چەمکەکان، توانای بیرکردنەوەی دەرئەنجامی، دەستکەوتی ئەدەبی، دەستکەوتی قوتابییان و دەستکەوتی زانیاری و گەشەپێدای پاڵنەری زانیاری، گەشەپێدانی چەمکە زانستییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (١) ئەنجامی بەراوردی نێوان توێژینەوەکانی پێشوو.

**–ئەو لایەنانەی لە توێژینەوەکانی پێشوودا سوودیان لێوەرگیراوە :**

دوای تێڕوانینی توێژەران بۆ توێژینەوەکانی پێشوو سوودیان لەم لایەنانە وەرگرتووە :

١- چۆنیەتی پشت بەستن و بەکارهێنانی ڕێبازی توێژینەوەی ئەزموونی گونجاو بۆ بارودۆخی ئەم توێژینەوەیە.

٢- دڵنیابوون لە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکەی ئێستا و ئاشنابوون بەم ڕێگا و شێوازانەی، کە بۆ چارەسەری کێشەی توێژینەوەکە بەکاردەهێنرێت.

٣- دیاریکردنی ئامانجی توێژینەوەکە.

٤- دیاریکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە و شێوازی هەڵبژاردنی و چۆنیەتی داڕشتنی نەخشەسازی بۆ توێژینەوەکە.

٥- ئاشنابوون بەم ڕێگا و چارەسەرە ئامارییانەی بۆ هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە بەکاردەهێنرێت.

٦- چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئامرازەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە و بەکارهێنانی هۆکارە ئامارییەکان و گەیشتن بە ئەنجام وشیکردنەوەیان.

٧- سوود وەرگرتن لەم سەرچاوانەی پەیوەستن بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

### ٣- ڕێباز و کردارییەکانی توێژینەوەکە:

### ١.٣ ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژەر ڕێبازی توێژینەوەی ئەزموونی بەکارهێناوە بۆ توێژینەوەکەی، بەهۆی گونجانی لەگەڵ سروشتی کێشەی توێژینەوەکە.

### ٢.٣ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

مەبەست لە کۆمەڵگەی توێژینەوە هەموو تاکەکانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە کە توێژەر لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات، (کۆمەڵگەی توێژینەوە) کە بریتییە لە قوتابییانی پۆلی (10) دەیەمی وێژەیی لە گشت قوتابخانەکانی ئامادەیی کچان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەورووبەری هەولێر – عەنکاوە، بۆ ساڵی خوێندنی (2025 -2024) کەژمارەیان (740) قوتابییە، (355) لە ڕەگەزی نێر و (385) لە ڕەگەزی مێ لە (31) قوتابخانە پێکهاتووە، خشتەی ژمارە(١).

**خشتەی ژمارە (١) خستنەڕووی دابەشکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە**

| کۆمەڵگای توێژینەوە | |
|---|---|
| ڕەگەز | ژمارەی قوتابی |
| نێر | 355 |
| مێ | 385 |
| کۆی گشتی ژمارەی قوتابیان = 740 | |
| ژمارەی قوتابخانە = 31 | |

### ٣.٣ نموونەی توێژینەوەکە:

توێژەر بەمەبەست نموونەی توێژینەوەکە لە قوتابییانی قوتابخانەی ئامادەیی لیڤاری کچان هەڵبژاردووە، نموونەی توێژینەوە لە دوو کۆمەڵە پێکهاتبوو،خشتەی ژمارە(٢)، توێژەر گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵی لەنێوانیان جیاکردەوە ژمارەی قوتابییان لە هەردوو گروپ (54) قوتابی بوون، (27) قوتابی لە گروپی ئەزموونی و (27 ) قوتابی لە گروپی کۆنترۆڵکراو. بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

**خشتەی ژمارە (٢) کۆمەڵەکانی نموونەی توێژینەوە**

| کۆمەڵە | تاقیکردنەوەی پێشەکی | ڕێگای وانەوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | بیرکردنەوەی ئەرێنی | ستراتیژیەتی (بیربکەوە دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە ) | بیرکردنەوەی ئەرێنی و دەستکەوتی خوێندن |
| کۆنترۆڵکراو | | ڕێگای ئاسایی | |

**خشتەی ژمارە (٣) ژمارەی قوتابییانی نموونەی توێژینەوە**

| کۆمەڵە | هۆبە | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی قوتابیانی پێشنیازکراو | ژمارەی قوتابیانی نموونە |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | آ | ستراتیژیەتی (بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە ) | 27 | 24 |
| کۆنترۆڵکراو | ب | ڕێگای پەیرەوکراو | 27 | 24 |
| کۆی گشتی | | | 54 | 48 |

**-تاقیکردنەوەی زیرەکی:**

توێژەر تاقیکردنەوەی (جۆن ڕاڤن)ی بەکارهێناوە، دوای وەرگرتنی بۆچوونی شارەزایان پاشکۆی ژمارە (1)، دەربارەی گونجاوی ئەم تاقیکردنەوەیە لەگەڵ قۆناغی خوێندن و تەمەنی قوتابییان، ئەم تاقیکردنەوەیە لە پێنج بەش پێکهاتووە: (آ)، (ب)، (ج)، (د)، (ە)، کە هەربەشێکی دوانزە بەندی لەخۆگرتووە، هەریەک لەم بەندانە شێوەیەکی دیاریکراوی پچڕێندراوە تەواوکەری شێوە بنەڕەتییەکەیە. ئەم تاقیکردنەوەیە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١/٣٠) بەسەر قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە جێبەجێکراوە، دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە بەپێی ڕێنماییەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە و لەڕێگەی هەبوونی کلیلی وەڵامدانەوەی ئامادەکراو، و کرداری ڕاستکردنەوەی بۆ کراوە، نمرەی بەدەستهێندراوی زیرەکی بۆ هەریەک لە قوتابییانی کۆمەڵەی توێژینەوەکە دیاریکراوە، دواتر ئەو نمرانەی بەدەستهێنراون، خراونەتە ژێر چارەسەری ئاماری، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی( T.test) بەمەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لەنێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە، خشتەی ژمارە (٤)

**خشتەی ژمارە (٤) تاقیکردنەوەی (تائی) هەژمارکراو بۆ نمرەی تاقیکردنەوەی زیرەکی**

| کۆمەڵە | ژمارەی قوتابیانی نموونە | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەیی | نرخی (تائی) | | نمرەی ئازاد | ئەنجامی ئاماری لە ئاستی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | گریمانەی خشتەیی | | |
| ئەزموونی | 24 | 29.2083 | 6.06472 | 0.299 | 2.013 | 46 | بەهادارنییە |
| کۆنترۆل | 24 | 29.6667 | 4.44939 | | | | |

لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت، ئەنجامی بەهای (تائی) هەژمارکراو (0.299) لە بەهای گریمانەیی (2.013) کەمترە، ئەمەش بەو مانایەیە، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە نیوان تێکڕای نمرەکانی دوو گروپەکەدا نییە، بەم شێوەیە دوو گروپەکە لە تاقیکردنەوەی زیرەکی بە هاوتا دادەنرێت.

**٤.٣ ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

بۆ جێبەجێکردن وبەدەستهێنانی ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوە، ئامرازی پێویست هەیە بۆ ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن. خشتەی ژمارە (٥)

**خشتەی ژمارە (٥) نەخشەی تاقیکردنەوە**

| بابەت | ژ/ لاپەرەکان | کێشی ڕێژەیی بایەخی بەش | کێشی ڕێژەیی گرنگی ئامانجەکان(بلوم) | | | | ژمارەی پرسیارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بیرهاتنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێکردن | شیکردنەوە | |
| | | | %44 | %23 | %4 | %29 | |
| بەشی پێنجەم – شارستانییەتی ڕۆمانی | 6 | 14% | 3 | 2 | 0 | 2 | 7 |
| بەشی شەشەم- شارستانیەتی ئێرانی | 15 | 36% | 8 | 4 | 1 | 5 | 18 |
| بەشی حەوتەم- أ / شارستانییەتی ئیسلامی | 21 | 50% | 11 | 6 | 1 | 7 | 25 |
| کۆی گشتی | ٤٢ | %١٠٠ | 22 | 12 | 2 | 14 | 50 |

**٥.٣ ڕاستێتی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

مەبەست لە ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە ئەوەیە ئەو شتە بپێوێت، کە بۆی دانراوە، بۆ ئەو مەبەستە توێژەر ڕاستگۆیی ڕواڵەتی جێبەجێکرد کاتێک هاوپێچی ئامانجە ڕەفتارییەکانی لەگەڵ بەندەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت خستە بەردەم شارەزایان، پاشکۆی ژمارە (١)، ئەم جۆرە ڕاستگۆییە بریتییە لە بڕیاردان لەسەر ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە لەڕێگەی تێڕوانینێکی

ڕواڵەتی بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە کە لەلایەن پسپۆڕ و شارەزایان بەو واتایەی زیاتر لایەنی ڕوونی ئەو وشە ودەستەواژانە دەگرێتەوە کە لە داڕشتنی پرسیارەکاندا بەکارهێنراون. هەروەها توێژەر ڕاستگۆیی ناوەڕۆکی جێبەجێکرد لە میانی ڕێکارەکانی دەرهێنان و داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان دیزاینی نەخشەی تاقیکردنەوەی ئاستی گرانی و هێزی جیاکەرەوەی هەر بەندێک لە بەندەکان و کارایی بەدیلە هەڵەکانی دەرهێنا،لە ئەنجامی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزا لەم بوارەدا، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1).

**٦.٣. جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

مەبەست لە جێگیری تاقیکردنەوە ئەوەیە، هەمان ئەنجام بداتە دەست، یاخود نزیک لەو ئەنجامە، ئەگەر چەند جارێک لەبارودۆخێکی لێکچوودا جێبەجێکرا. (رمضان، 2022، ل98 )

توێژەر تاقیکردنەوەی لەسەر قوتابییانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە سێ قوتابخانەی جیاواز لەدەرەوەی نموونەی توێژینەوەکە ئەنجامدا، کە ژمارەیان (100)قوتابی بوو، لە قوتابخانەکانی (ئامادەیی محمد ناصری کچان،ئامادەیی عەنکاوەی کچان، نەهرینی کچان ) دواتر پشت بە دووبارەکردنەوەی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوە بەسترا (40) قوتابی بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردرا، بۆ دیاریکردنی جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوت توێژەر پشتی بە سێ ڕێگا بەستووە (هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ، هاوکێشەی سپێرمان براون، هاوکێشەی جێتمان بە ڕێگای نیوە ڕێژەی دابەشبوون) بەم شێوەی خوارەوە:

١- هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ: ڕاددەی جێگیری لە توێژینەوەکە بریتییە لە ئەنجامەکان، کە بە چەند ڕێگایەک دەکرێت، جێگیری توێژینەوە دیاریبکەین لەوانە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ئەلفا کرۆنباخ)، کە بەهاکەی پێویستە گەورەتر یان یەکسان بێت بە (0.6) (صادق،2022،ل92)، دوای جێبەجێکردنی هاوکێشەکە دەرکەوت ڕێژەی جێگیری تاقیکردنەوەکە بەو هاوکێشە گەیشتە (٠.٩٤٤)، ئەمەش بەهایەکی بەرزی ڕێژەی جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوت دەردەخات.

٢- هاوکێشەی سپێرمان براون: بۆ دیاریکردنی ڕێژەی جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوت هاوکێشەی سپێرمان براون بەکارهێنرا، لە ئەنجامدا دەرکەوت، ڕێژەی جێگیری تاقیکردنەوەکە بە ڕێگای دەرهێنانی هاوکێشەی سپێرمان براون دەکاتە (٠.٩٠٧)، ئەمەش دەریدەخات، جێگیری تاقیکردنەوەکە لە ئاستێکی بەرزە.

٣- هاوکێشەی جێتمان بە ڕێگای نیوە ڕێژەی دابەشبوون: هاوکات توێژەر جێگیری بە ڕێگای نیوە ڕێژەی دابەشبوونی هاوکێشەی جێتمان دەرهێنا بۆی دەرکەوت، کە جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوت بەم ڕێگایە دەگاتە (٠.٨٩٢).

جێگیری تاقیکردنەوە پشت دەبەستێت بە ڕێژەی ئەو تاکانەی دەرچوون بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە و تا چەند جیاوازی نمرە لە بڕگەکان هەیە، بەپێی ئەو( سێ ) ئەنجامانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە جێگیری تاقیکردنەوە ی دەستکەوت لە ئاستێکی بەرزە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦)

**خشتەی ژمارە (٦) دیاریکردنی جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوت بە ڕێگای**
**(هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ – هاوکێشەی سپێرمان براون – جێتمان بە ڕێگای نیوە ڕێژەی دابەشبوون )**

| هاوکێشەی جێتمان بە ڕێگای نیوە ڕێژەی دابەشبوون Guttman Split-Half Coefficient | هاوکێشەی سپێرمان براون Spearman-Brown Coefficient | هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ Cronbach's Alpha |
|---|---|---|
| ٠.٨٩٢ | ٠.٩٠٧ | ٠.٩٤٤ |

**1.6.3.تایبەتمەندییە سایکۆمیترییەکانی ئامرازی توێژینەوە:**

تایبەتمەندییە سایکۆمیترییەکانی ئامرازی توێژینەوە بەکاردێت، بۆ مەبەستی زانینی ئاستی گرانی بڕگەکانی تاقیکردنەوە هێزی جیاکەرەوە و ڕوونی تاقیکردنەوە و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوە،توێژەر ئەو تاقیکردنەوەی لەسەر نموونەی پەیپێبردن(استطلاعي) ئەنجامدا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە قوتابخانەکانی ( محمد ناصری کچان ) و ( عەنکاوەی کچان ) و (نهرینی کچان ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی سنووری توێژینەوەکە.

**١.١.٦.٣ ئاستی گرانی بڕگەکان:**

بۆ هەژمارکردنی فاکتەری گرانی، کە دەکاتە ئاستی گرانی بڕگەکانی تاقیکردنەوە، واتە :ڕێژەی سەدی ئەو کەسانەی، کە نەیانتوانیوە بە دروستی وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە، توێژەر ئەو هەنگاوانەی پەیڕەو کرد:

- جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە و ڕێکخستنی نمرەی قوتابییەکان، کە ژمارەیان (100) قوتابی بوون، کە هەمان بابەتی تاقیکردنەوەیان خوێندبوو، دوای ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان و ڕیزکردنیان یەک لە دوای یەک لەسەرەوە بۆ خوارەوە و ڕێژەی (27%) نمرەی سەرەوە، ڕێژەی (27%) نمرەی خوارەوە، پسپۆڕان وا بە باش دەزانن، کە پشت بەو دوو ڕێژەیە ببەسترێت بۆ ئەوەی هێزی جیاکەرەوە وردتر بێت.

**ژمارەی ئەو تاکانەی وەڵامەکانیان ڕاستە لە بڕگەیەک**

**هاوکێشەی گرانی =** ———————————————————————————

**ژمارەی گشتی ئەو تاکانەی کە وەڵامیان داوەتەوە لە هەردوو گروپ**

(علام،2002، ل 269)

-توێژەر ئاستی گرانی بڕگەکانی دەرکرد بۆی دەرکەوت کە دەکەوێتە نێوان (0.37 – 0.94) بەمەش ئاستی گرانییەکەی بە گونجاو دادەنرێت (الظاهر واخرون، 1999، ل129).

**٢.١.٦.٣ هاوکۆڵکەی جیاکاری (معامل التمییز):**

بڕگەی جیاکەرەوە ئەو بڕگەیەیە، کە دەتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان گروپی سەرەوە و گروپی خوارەوەی قوتابییان بە پشتبەستن بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان، ئەمەش بەو مانایە دێت ژمارەی ئەو کەسانەی لە گروپی سەرەوە، کە بەدروستی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە زیاتر بێت لە ژمارەی ئەوانەی گروپی خوارەوە، کە بەدروستی وەڵامی بڕگەکانی داوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر ڕێژەی جیاکاری بۆ پرسیارەکانی هەڵبژاردن بەکارهێنا.

**ژمارەی وەڵامە ڕاستەکان لە گروپی سەرەوە – ژمارەی وەڵامە ڕاستەکان لە گروپی خوارەوە**

**ڕێژەی جیاکاری =** ———————————————————————————

**نیوەی ژمارەی تاکەکانی ئەو دوو گروپە**

(الجلالي،٢٠١١،ل٤٥)

لە ئەنجامدا دەرکەوت ڕێژەی جیاکارییەکەی لەنێوان (0.33 – 0.59 ) بوو، بەمەش بەندەکانی تاقیکردنەوە پەسەندن لە هێزی جیاکەرەوە چونکە ئەگەر هێزی جیاکەرەوە (0.30) بەسەرەوە بوو، ئەوا پەسەندن ( النبهان، 2004، ل197 ).

**٣.١.٦.٣ کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان:**

مەبەست لە کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان، ئەوەیە کە تاقیکردنەوە سەرنجی قوتابییانی هەردوو گروپی سەرەوە و خوارەوە کە وەڵامی ڕاست نازانن بۆ خۆی ڕابکێشێت، کاتێک گروپی خوارەوە ژمارەیان زۆرتر بوو لە گروپی سەرەوە، ئەوە جێگرەوەکە کارایە، توێژەر دوای ئەنجامدانی شیکردنەوەی ئامارییەکە ژمارەی قوتابییانی گروپی بەرز و نزمی بە بەکارهێنانی هاوکێشەی کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان، لەئەنجامدا ڕێژەی سەدی هەژمارکراو بۆ جێگرەوەکان دەرکەوت جێگرەوەکان باشن.

**٧.٣ ئامرازە ئامارییەکان:** توێژەر بۆ چارەسەرکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی و شیکردنەوەی داتاکان، بەشێک لە کەرەستەو هاوکێشە و ئامرازە ئامارییەکانی بۆ توێژینەوەکەی بەکارهێنا، لەوانە:

١- تاقیکردنەوەی تائی (T.test) و چوارگۆشەی کای (Chi - square)..-

٢- هاوکۆڵکەی گرانی و جیاکاری.

٣- هاوکێشەی هاوکێشەی الفا کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) و جێتمان (Guttman) و سپێرمان براون (Spearman-Brown).

### ٤. شیکردنەوەی ئەنجامەکان:

توێژەر تاقیکردنەوەی تائی(T.test)ی وەک شێوازێکی ئاماری بەکارهێنا بۆ دیاریکردنی گرنگی جیاوازی نیوان ناوەندەژمێرەی نمرەکانی کۆمەلەی کۆنترۆڵکراو و ئەزموونی بەدەستهاتوو، دەرکەوت جیاوازییەکان لەڕووی ئامارییەوە گرنگە لە ئاستی (0.05) لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی، بەمەش ئەو گریمانەیە ڕەتدەکرێتەوە، کە دەڵێت هیچ جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە ئەوانەن کە ستراتیژیەتی ( بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە )( T.P.S) لە گەڵیان بەکارهاتووە بۆ خوێندن و ناوەندە ژمێری نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بەگوێرەی ستراتیژیەتی (ئاسایی) پیادەکراو خوێندوویانە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بابەتی مێژوو. خشتەی ژمارە (٧)

**خشتەی ژمارە (٧) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (تائی) بۆ دیاریکردنی گرنگی جیاوازی نیوان ناوەندەژمێرەی نمرەکانی کۆمەلەی کۆنترۆڵکراو و ئەزموونی بەدەستهاتوو**

| کۆمەڵە | ژمارەی قوتابیانی نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەی | نمرەی ئازاد | نرخی (تائی) | | ئاماژەی ئاماری لە ئاستی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | نرخی خشتەی | |
| ئەزمونی | 24 | 31.79 | 3.270 | 46 | 2.037 | ٢.٠١٣ | بەهادارە |
| کۆنترۆل | 24 | 27.21 | 10.529 | | | | |

کەواتە بە پێی ئەو ئەنجامە گریمانەی(سفری) کە توێژەر دایبابوو ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی لە بڕێتی (بدیل) پەسەند دەکرێت.

### ٥. دەرئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردە:

**لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە توێژەران گەیشتنە ئەم خاڵانەی خوارەوە :**

**١.٥ .دەرئەنجامەکان:**

١- ستراتیژی (T.P.S) کاریگەری خۆی سەلماندووە لەو بوارەی تێیدا جێبەجێ کراوە.

٢- بەکارهێنانی ستراتیژیەتی (T.P.S) وادەکات قوتابییان چالاکتر و کاریگەرتر بن بە درێژایی وانەکە.

٣- وانەوتنەوە بە کەڵک وەرگرتن لە ستراتیژی (T.P.S) کەشێکی ئاشنابوون و هاوکاری لەنێوان قوتابییان دروستکرد و ڕزگاری بوو لە لایەنە نەرێنییەکانیان، کە کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتەکانیان هەبوو.

**٢.٥ پێشنیازەکان:**

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەم ستراتیژیەتەو بابەتەکانی ترو قۆناغەکانی تری خوێندن.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بۆ ئاشکراکردنی کاریگەری ستراتیژی (T.P.S) لە گۆڕاوەکانی دیکەی وەک گەشەپێدانی بیرکردنەوەی مێژوویی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

**٣.٥ ڕاسپاردەکان:**

١- لایەنە پەیوەندیدارەکان زیاتر هانی مامۆستایان بدات بۆ بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکانی فێرکردن لە قوتابخانەکاندا بەگشتی و پشتببەستێت بەستراتیژیەتی (بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە) لە فێرکردنی مێژوو بۆ پۆلی دەیەمی وێژەیی بەتایبەتی.

٢- داوا لە وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، کە کاری زیاتر بکرێت بۆ کردنەوەی خول و وۆرکشۆپ بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژی فێربوونی چالاک بە گشتی و ستراتیژی (بیربکەوە – دوێتی بکە – بڵاوی بکەوە (T.P.S).

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


-رمضان، سرهد عثمان (2022)، کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی (بیربکەرەوە – جووتبە – بەشداربە) لەدەستکەوتی زانیاری لە وتنەوەی بابەتی مێژوو وگەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری لەلایەن قوتابییان، ماستەر، زانکۆی سلاحەددین، هەولێر.

-عزیز،رزگارعمر (2022) ،هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندنی بابەتە مێژووییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان، زانکۆی سلاحددین،ماستەر،هەولێر،کوردستان.


### سەرچاوە عەرەبییەکان :


– الجلالي،لمعان مصطفى (2011) التحصيل الدراسي،ط1،دار الفكر،عمان،الاردن.

– النبهان، موسى(2004)، اساسيات القياس في العلوم السلوكية،الطبعة الاولى،دار الشروق للنشر والتوزيع عمان – الاردن.

– علام،صالح صلاح الدين محمود (2002)،القياس والتقويم التربوي والنفسي (اساسيات و تطبيقاته وتوجيهاته المعاصرة(،دار الفكر العربي،القاهرة – مصر.

–ابراهيم، فاضل خليل (٢٠٠٢)، استراتيجية التعلم من اجل التمكن، مجلة الآفاق، جامعة الزرقاء الخاصة، عمان – الأردن، العدد ٦.

–ابو الحاج، سها احمد والمصالحة، حسن خليل (٢٠١٦)، استراتيجيات التعلم النشط، انشطة وتطبيقات عملية، مركز ديبونو لتعليم التفكير، الطبعة الأولى.

–ابو العلا، بلال صلاح الدين (٢٠١٦)، اثر استراتيجية (فكر، زاوج، شارك) في تنمية المفاهيم ومهارات التفكير الاستدلالي بالتربية الاسلامية لدى طلاب الصف التاسع الاساسي بغزة، الجامعة الاسلامية، ماستر، كلية التربية جامعة الاسلامية، غزة.

–ابو رياش، حسين محمد (٢٠٠٧)، التعلم المعرفي، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

–ابو غالي، سليم محمد (٢٠١٠)، اثر توظيف استراتيجية (فكر – زاوج- شارك) على تنمية مهارات التفكير المنطقي في العلوم لدى طلبة الصف الثامن الاساسي، ماجستير، جامعة الاسلامية، كلية التربية، غزة.

–الأمين، شاكر محمود حسن (١٩٩٢)، اصول تدريس المواد الاجتماعية، دار الحكمة للنشر، بغداد.

–الباوي، حسن حميد حسن (٢٠١٢)، اثر التعلم النشط في تنمية التفكير الابتكاري لدى طلاب المرحلة الاعدادية في مادة التاريخ، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية التربية للعلوم الانسانية – جامعة ديالى.

–التميمي، سلوان عبد احمد (٢٠١١)، اثر استراتيجية التعلم المستند الى المشكلة في تنمية مهارات التفكير التاريخي لدى طلاب المرحلة الاعدادية، ماستر، غير منشورة، جامعة ديالى، كلية التربية.

–الحسناوي، حاكم موسى عبد خضير (٢٠٠٣)، اثر استخدام ثلاث طرائق تدريسية في التحصيل وتنمية الاتجاه العلمي لدى طلاب الصف الخامس الاعدادي في مادة التاريخ، اطروحة دكتوراه، غير منشورة، جامعة بغداد –كلية التربية ابن رشد.

–السامرائي، عباس فاضل خلف (٢٠١٠)، العوامل المؤثرة على المستوى الدراسي لطلبة المدارس الثانوية في قضاء سامراء من وجهة نظر المدرسين والطلبة، منشور، مجلة البحوث التربوية، العدد ١٠.

–السر، خالد خميس ودحالن، عمر علي وعبدالجواد، اياد ابراهيم (٢٠٢١)، استراتيجيات معاصرة في التدريس وتطبيقاتها العملية، كلية التربية جامعة الاقصى، غزة، فلسطين، الطبعة الاولى.

–السليتي، فراس محمد (٢٠١٥)، الطبعة الاولى، الناشر عالم الكتب الحديث وجدارا للكتاب العالمي للنشر والتوزيع، الاردن.

–الظاهر،زكريا محمد واخرون (1999) ،مبادئ القياس والتقويم في التربية،الطبعة الاولى،دار الثقافة للنشر والتوزيع،عمان –الاردن.

–العزاوي، محمد عدنان محمد (٢٠١٢)، تقويم اداء مدرسي التاريخ للمرحلة الاعدادية في ضوء مهارات التفكير التاريخي، رسالة ماستر، غير منشورة، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة ديالى.

–الكناني، حميد كامل (٢٠٠٠)، اثر المعرفة المسبقة بالاهداف في تحصيل طالبات الصف الثاني المتوسط في مادة التربية الاسلامية، ماستر، غير منشورة، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد.

–الهزاع، صالح علي فرحان والشهراني، ناصر فلاح والغامدي، عتيق هندي والقرني، علي عايض (٢٠١٢)، الدليل الاجرائي لاستراتيجيات التعلم النشط، المملكة العربية السعودية، وزارة التربية والتعليم، ادارة التربية والتعليم بمحافظة بيشة، الشؤون التعليمية (بنين) ادارة الاشراف التربوي.

–الهلالي، حسام محمد منشد (٢٠١٣)، التفكير الايجابي وعلاقته بأساليب التعامل مع الضغوط النفسية لدى المعلمين، ماستر، جامعة كربلاء، كلية التربية للعلوم الانسانية.

–اوجانة، وهيبة حميد (٢٠٢٢)، واقع استخدام معلمات رياض الاطفال لاستراتيجيات التعلم النشط في الانشطة التربوية والتعليمية، دراسة ميدانية لدى عينة من معلمات رياض الاطفال بمدينة ورقلة، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية.

-بوبطانة، عبدالله (١٩٨٦)، دور التقويم في تطوير العملية التربوية، مجلة التربية الجديدة، العدد ٣٩.

-حسن، صلبي مكلف (٢٠٢٤)، فاعلية استراتيجية تخصيب الافكار في تحصيل طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة الاجتماعيات والتفكير الايجابي لديهم، جامعة بابل، مجلة العلوم الانسانية، كلية التربية للعلوم الانسانية، المجلد١٤، العدد الاول.

-حسين، حسين كاظم (٢٠٢٣)، تأثير استراتيجية التخيل الموجه في تنمية التفكير الايجابي ودقة واداء بعض المهارات الاساسية بكرة القدم للطلاب، ماستر، جامعة كربلاء، كلية التربية البدنية وعلوم الرياضة.

-حسين، مني زهير (٢٠٢٢)، اثر استخدام استراتيجيات التعلم النشط في التحصيل وتنمية مهارات التفكير المحوري لدى طالبات الصف الخامس الادبي في مادة التاريخ، جامعة ديالى، كلية التربية الاساسية.

-خلف، احمد قاسم (٢٠٢١)، فاعلية برنامج لتنمية بعض مهارات التفكير الايجابي لخفض قلق المستقبل لدى اباء اطفال الاوتيزم، جامعة عين شمس، كلية الآداب للبنات، مصر، مجلة بحوث العلوم الانسانية والاجتماعية، العدد الرابع، الجزء الاول.

-دبور، مرشد، وابراهيم الخطيب (١٩٨٧)، اساليب تدريس الاجتماعيات، عمان، دار العدوي للنشر.

-دروزة، افنان نظير (٢٠٠٠)، النظرية في التدريس وترجمتها عملياً، عمان، دار الشروق للنشر والتوزيع.

-رمضان، منال حسن (٢٠١٦)، استراتيجيات التعلم النشط، شركة دار الاكاديميون للنشر والتوزيع، المملكة الاردنية الهاشمية، عمان، الطبعة الاولى.

-زيتون، عايش (٢٠٠٧)، النظرية البنائية واستراتيجيات تدريس العلوم، دار الشروق للنشر، عمان، الأردن.

-سلطان، صفاء عبدالعزيز محمد (٢٠٠٧)، تطوير استراتيجية (فكر – زاوج –شارك) واثرها في تنمية بعض مهارات التعبير الكتابي لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية، المجلد الاول، العدد الرابع، سلسلة دراسات عربية في التربية وعلم النفس.ASEP

-شهاب، احمد صلاح وحسن عواطف (٢٠٢١)، اثر استخدام استراتيجية (فكر –زاوج – شارك) في تدريس مادة التربية الاسلامية على تنمية مهارات الاستيعاب القرائي لدى طلبة صف الثالث المتوسط في العراق، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا كلية الدراسات العليا، مجلة الجامعة العراقية، العدد٦٧، ج٣.

-شيخ، احمد محمد والشواورة، ياسين (٢٠٠٩)، اثر استخدام استراتيجية (فكر – زاوج – شارك) في تحصيل طلاب الصف الاول متوسط في الرياضيات وميلهم نحو دراستها، البحث العلمي بالجامعة الاسلامية بالمدينة المنورة، كلية التربية، المجلة العلمية، المجلد الخامس والثلاثون، العدد الثامن.

-صالح، حسام يوسف وابراهيم، هديل ساجد (٢٠١٥)، اثر استراتيجية (فكر- زاوج - شارك) في تحصيل طلبة علوم الحياة في مادة الطحالب واتجاهاتهم نحوها، مجلة ديالى، العدد السادس والستون.

-عبدالقادر، صفية سعد احمد (٢٠٢٣)، اثر استراتيجية فكر – زاوج –شارك في تدريس العلوم لتنمية المفاهيم العلمية ومهارات حل المشكلات لدى تلاميذ المرحلة الاعدادية، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية، المجلد السابع عشر، العدد التاسع.

-علي، سجى عبد مسرهد (٢٠١٥)، اثر استراتيجية ليمان (فكر – زاوج – شارك) في تحصيل تلميذات الصف الخامس الابتدائي ومستوى طموحهن في مادة الجغرافية، جامعة بابل، كلية التربية الاساسية، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية، العدد٢٣.

-لحسن، منتهى عبدالكريم محمد وشكري، بروين محمود (٢٠٢١)، فاعلية استراتيجية ترشيح الافكار في تحصل مادة التاريخ لدى طالبات الصف الرابع الادبي، جامعة المستنصرية، كلية التربية، مجلة الآداب، ملحق٢، العدد١٣٨.

-محمد، احمد هاشم (بلا سنة نشر)، مشكلات تدريس تاريخ العراق المعاصر من وجهة نظر طلبة قسم التاريخ بجامعة بغداد، جامعة بغداد، كلية التربية للبنات.

-محمد، صلاح محمد محمود (٢٠٢٢)، فاعلية برنامج ارشادي تدريبي قائم على التخيل في تنمية مهارات التفكير الايجابي لدى طلبة الجامعة في ظل الاجراءات الاحترازية لجائحة كورونا، مجلة كلية التربية، جامعة المنصورة، العدد١١٧.

-محمود، احمد محمد (٢٠١٦)، أثر استراتيجية (فكر – زاوج – شارك) في تحصيل طلبة الصف الخامس الادبي في مادة التاريخ، مجلة الفتح، العدد الثامن والستون.

-نويوة، بن سعيد (٢٠٢٠)، استراتيجية التعلم التعاوني (فكر – زاوج – شارك) واهميتها في العملية التعليمية، مجلة الباحث في العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة البليدة، الجزائر.

-وريكات، عبدالله (٢٠١٤)، فاعلية برنامج تدريبي قائم على توظيف استراتيجية فكر وزاوج وشارك في تدريس الرياضيات على تنمية مهارات التفكير المنطقي وخفض قلق الرياضيات لدى طلبة الصف الثامن، مجلة الفا للدراسات الانسانية والعلمية، فلسطين، الاردن، المجلد٢، العدد٤.

-يحيى، ميرفت اسامة محمد حج (٢٠١١)، فاعلية استخدام استراتيجية التعليم التعاوني في تحصيل طلبة الصف السابع الاساسي في الرياضيات واتجاهاتهم نحوها في مدينة طولكرم، ماستر، جامعة النجاح الوطنية نابلس، فلسطين.

-يونس فتحي واخرون (٢٠٠٤)، المناهج – الاسس - المكونات – التنظيمات – التطوير، دار الفكر، عمان.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Abdelkader, Abeer Mohamed (2022), The effect of using think – pair – share cooperative learning strategy on nursing – students perception of their learning, King Faisal University, Al-Hofuf, Saudi Arabia, international journal Health Sciences, 6(S6), 2897 – 2911.

Akanmu, M.A (2019), Effects of think – pair – share on senior school students performance in mathematics in Ilorin, - Nigeria, African journal of Education Studies in Mathematics and Sciences Vol.15, No.-.

Fitrah, Yulinus & Yusra, Okarina & Nurhasnah & Febrianta, Rita (2023), Implementation of Learning Strategies - (Think – Pair – Share) in Learning Arabic at Madrasah Aliyah Negeri 4 Agam, International Journal Of Humanities, Education, and Social Sciences.

Guiford country schools. GCS, TE (2002), instructional strategies for English learners sample think – pair – share - activities return to activity strategies.

Mathews, L.K. (2006), Elements of active Learning Available at: - http://www.2una.edu/geography/active/elements.HTM.

Tabassum, Rooha & Sadiq Hussain Bin (2024), Exploring the Impact of Think – Pair – Share Cooperative Learning - Strategy on English language Acquisition and Academic performance of ESL students in Pakistan, ISSN Online: 2709-7625, ISSN print: 2709- 7617, JAHAN TAHQEEQ.

Ur Rehman, Ateeq & Nedeem, Ali Hemid & Rafiq, Muhammad (2021), Effect of Think – pair – Share Teaching - , ISNN Online: مجلة حروف وسخن Strategy on Understanding the Concept of Science in Students at Elementary Level, 2709 – 4030, ISSN Print: 2709 – 4022, Vol 5, No 3.

Valle, Viviana Vanessa Yanez & Moreno, Angele Cecible & Ortega, Cristina Paola Chamorro (2022), The think – - Pair – Share strategy and the development of reading skills in the English as a foreign Language classroom, polo del Conocimiento, pol.con. (Edicion num.71) Vol.7, No6

**پاشکۆی ژمارە (١) ناوی بەشێک لە پسپۆڕ و شارەزایان بۆ ڕاستێتی تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

| ژ | ناوی شارەزایان و پسپۆران | ناوی زانکۆ / کۆلێژ | پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| ١ | پ.د.سلوى احمد حمدامين | زانکۆی سەلاحەددین /کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | پێوانەوهەڵسەنگاندن |
| ٢ | پ.د.حامد مصطفى حمد | زانکۆی سەلاحەددین / پەروەردەی جەستەیی وزانستە وەرزشییەکان | ڕێگاکانی وانەوتنەوە |
| ٣ | پ.ی.د.فرهاد علي مصطفى | زانکۆی سەلاحەددین / پەروەردەی جەستەیی وزانستە وەرزشییەکان | ڕێگاکانی وانەوتنەوە |
| ٤ | پ.د.حسين سعدى ابراهيم | زانکۆی سەلاحەددین / پەروەردەی جەستەیی وزانستە وەرزشییەکان | ڕێگاکانی وانەوتنەوە |
| ٥ | پ.ی.د.ئەشقی سلێمان حەسۆ | زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | ڕێگاکانی وانەوتنەوە |
| ٦ | پ.ی.د.کريم احمد عزيز | ز. گەرمیان / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | پەروەردە و دەروونناسی ڕێگاکانی وانەوتنەوە |
| ٧ | پ.ی.د.بان صباح يحيى | زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | دەروونزانی پەروەردەیی |
| ٨ | پ.ی.د.ديار محى الدين صادق | زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی پەروەردە | دەروونزانی پەروەردەیی |
| ٩ | پ.ی.د سيناء على حسين | زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | دەروونزانی پەروەردەیی |
| ١٠ | پ.ی.د.شەوبۆ شمس الدين سليمان | زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | پێوانەوهەڵسەنگاندن |
| ١١ | پ.ی.د. هلز عنتر ولى | زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | مێژوو |
| ١٢ | پ.ی.د.ڕەوا صالح محمد | زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | ڕێگاکانی وانەوتنەوە |

# اثر استراتيجية (T.P.S) في التحصيل الدراسي في مادة التاريخ لدى طلاب الصف العاشر الادبي

**زهره عوني عبدالله**

قسم العلوم الاجتماعية، كلية التربية الأساسية،

جامعة صلاح الدين–أربيل، أقليم كوردستان، العراق

zahra.abdullah@su.edu.krd

**سازه حسين رسول**

قسم رياض الاطفال، كلية تربية الأساسية،

جامعة صلاح الدين–أربيل، أقليم كوردستان، العراق

saza.rasul@su.edu.krd

**الملخص**

يهدف هذا البحث الى معرفة اثر استراتيجية (فكر–زاوج–شارك) (T.P.S) على التحصيل الدراسي في مادة التاريخ لدى طالبات الصف العاشر في جميع مدارس المرحلة الابتدائية للبنات التابعة لمديرية تربية اربيل – عنكاوا للعام الدراسي (2024–2025)م، تكونت عينة الدراسة من مجموعتين من الطالبات (المجموعة التجريبية و الضابطة )، بلغ عدد الطالبات في كلا المجموعتين (54) طالبة، وسئل عن نوع الاختيار، حيث تم اتباع المنهج التجريبى وفق استراتيجية(T.P.S) والمجموعة الضابطة التي تدرس بطريقة علمية (تجريبية)،وبعد تطبيق الاساليب غير العدديية اعتمدت الباحثة على هذه النتيجة:

–توجد فروق ذات دلالة احصائية عند مستوى الدلالة (0.05) بين الدرجة الكلية لطلبة المجموعة التجريبية والمجموعة الضابطة في التطبيق البعدي للتحصيل الدراسي في مادة التاريخ.

وفي ضوء هذه النتائج توصل الباحثة الى الاستنتاجات التالية :

كان لاستخدام استراتيجية (T.P.S) اثر كبير في زيادة تحصيل طلبة الصف العاشرالادبي في مادة تاريخ الحضارة.

**الكلمات المفتاحية:** استراتيجية، (T.P.S)، التحصيل الدراسي، تاريخ.

# The Effect of the (T.P.S) Strategy on Academic Achievement in History Among Tenth – Grade Literary Students

**Zahra Awni Abdullah**

Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq

zahra.abdullah@su.edu.krd

**Saza Hussien Rasul**

Department of kindergarten, College of Basic Education, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq

saza.rasul@su.edu.krd

**Abstract**

The aim of this research is to determine the impact of the (T.P.S) strategy on the academic achievement of history subjects among special tenth grade in all primary schools affiliated with the Erbil-Ankawa Education Directorate for the academic year (2024-2025) The sample of the study consisted of non-secondary students (girls in two groups). experimental and controlled. The number of students in both groups was (54) students Type of selection questions The experimental group with strategic plan (T.P.S) and the controlled group are taught by scientific method. the researcher relied on the following conclusions:

-There are statistically significant differences at the significance level (0.05) between the total score of the students of the experimental group and the control group in the post-application of academic achievement in the subject of history.

In light of these results, the researcher reached the following conclusions:

-The use of the (T.P.S) strategy had a significant impact on increasing the achievement of tenth – grade literary students in the subject of the history of civilization.

**Key Words:** strategy, (TP. S), academic achievement, history.